



## وتارێکی شێرزاد حەسەن (شێرۆی پەلکەزاری) لە سەر کتێبی "هەینییەکانم لە چاوی قالاوێکا قاویا" بەرهەمە شێعری ئاکام کەوسەری

هەر لە دەستپێکەوە دانی پێدا بنێم کە من سەبارەت بە دیوانەکەی "ئاکام کەوسەری" بە نێوی " هەینییەکانم لە چاوی قالاوێکا قاویا" بە نیاز نیم وای بنوێنم بە توانا و چاوی رەخنگرێکەوە شیکاری ئەم دیوانە و توێکاری یەک بە یەکی شیعرەکانی دەکەم، چونکە من نە رەخنەگرم و نە نیازیشم هەیە وەک هەر سێ هێژایان: شوعەیب میرزایی، عادل ئەعزەمی، محەمەد موەفەقی ئەو رۆڵە ببینم کە رەخنەگری ساز و ئامادە و شارەزای ئەو بوارەن ئەو رۆڵە، چونکە من خۆم داوەتە دەست هەست و سۆز و چێژی ئەدەبی وەک شەیدا و خوێنەرێکی شیعر و بەس کە بێ زێدەرۆیی تەمەنی ئەو خولیایە نیو سەدەی خایاندووە.

ئاخر بیرتان نەچێت کە من بۆ خۆم چڵ ساڵی رەبەقە شاگردێکی بە ئەمەکی ناو کارگەی چیرۆکم هەر زوو ئەوەم دەرک کرد کە چیرۆکی تاقانە و نازدار هاوشان و هاورێی "شیعری لیرکی"یە بەو مانایەی رۆحی پڕ لە جۆش و خرۆشی "هارمۆنیا" هەردووکیان کۆ دەکاتەوە.. هەر بە راستیش هاوسێ و یەک ماڵن و قەرز و قۆڵە لێکدی دەکەن.

بۆ من هەمیشە وا بووە کە میوان بوون دەنێو کایەی ئەدەبدا و سەرگەرمکردن دەنێو ژانرێک یان دووان و بگرە پتریش بۆ خۆی چالاکییەکی مرۆییە، چونکە هیچ گیاندارێکی دیکە توانای شیعرنووسینی نییە، دەلوێت شاعیرێک ناز بکات و لە بری "دیکارت" ی فەیلەسووف واتەنی: "من بیر دەکەمەوە.. کەواتە هەم." ئەم بڵێت: "من شیعر دەنووسم.. کەواتە هەم."

ئەوەی من لە یادم ماوە هەر لە سەرەتای ئەزموونی "ئاکام کوردستانی"ییەوە لە میانەی دڵەڕاوکێی خۆی لەمەڕ هاتنە سەر خوانی ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، ئەمن رازێکم درکاند و گوتم: ئومێدمە کە وەک سەرەتا تۆ خۆت بدوێنیت دەنێو شیعرەکاندا یان دەقەکاندا بە مانای چەشنێک لە مۆنۆلۆگ کە خۆت شاگەشکە بکات بەر لە هەر کەس. بە رای من یەکێک لە جیاوازییەکانی شاعیرانی کۆن و نوێ لەوەدایە کە نەوەی نوێ پتر بە راناوی "من" ناز دەکەن و دەدوێن، نەوەی باوانیش لەسەر زەمیندا پتر لە خەمی ئەوەدا بوون هەمووان بدوێنن، ئاکام و هاوزاکانی لە نەوەی تازە پتر خۆیان دەدوێنن، بەڵام بەو مانایەش نایەت کە پشتیان لە دونیا کردبێت، بەڵکو نیاز بەوەین کە رێز لە خودگەرایی و تاکڕەویی داهێنەری هاوچەرخ بگرین، دوا جار شیعریش بایی ئەوەندە پانتاییەکی بەر بەرینە کە لە هەمان کاتدا جێگەی پڵنگ و پەپوولە لە ناو خۆیدا چێبکات. شاعیر هەرچەندە تاکڕەو بێت وا چاوەڕوان دەکرێت کە هەموو دونیای لە ناو خۆیدا کۆ کردبێتەوە، ئەم خاوەنی چاوی چۆلەکە و پاسارییە کە ئەو باڵندە چکۆلەیە هەر چوار دەوری خۆی دەبینێت!

من وای بۆ دەچم کە شیعریش وەک چالاکییەکی مرۆیی هەرگیز بەدەر نەبووە لە فیکر و ئایدیۆلۆژیا، بەڵام ئاکام و نەوەکەی دەنێو گەمەی شێتانەی شیعردا نیازمەند بن یان نا.. بە ئاگاهی بێت یان نائاگاهی: هەرچی ئایدیۆلۆژیا پیرۆزەکان هەن، ئاسمانی بن یان سەرزەمینی، رەتی دەکەنەوە یان جوانترە بێژم گومانی لێدەکەن. ئەوەندەی من ئاگام لە نەخشەی شیعری تازە بێت لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا ژمارەیەکی قەبە لە شاعیرەکان دەنێو کۆمەڵگا داخراو و لۆکاڵییەکانی خۆیاندا تا هەنووکە یەکدی دەدوێنن، مەبەستی من نموونەی ئەنجوومەن و یانە و گروپە جیاوازەکانە کە برێک جاریش کینەبازیش دەکەن یان یەکتری دەسڕنەوە، کە دەگەڵ رۆحی پاکی شاعیرانەدا یەکدی ناگرێتەوە، وەلێ ئەوەش سەیر نییە چونکە خودگەرایی و تاکڕەوی گەر هۆشمەندانە و رەوشتمەندانە نەبێت بە خۆپەرستی کۆتایی دێت، ئاخر خودی داهێنان بۆ خۆی نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کە نارسیست و خۆویست بین و بەس.. لەوەدا دڵنیام کارەکتەرانی ناو کایەی ئەدەبی، کەم و زۆر، دەنێو ئەو دۆخە نالەبارەدا دەژین، بە واتا تەنها گرفتی ناو بازنەی شیعر و شاعیران نییە، رۆژئاواش رۆژگاری ململانێی ناشارستانی نێوەندی ئەدیبانی تۆمار کردووە.

بە دیدی من شیعر لە سەردەمە دێرینەکانەوە یەکەمین نماز و نوێژی هەمووان بووە، رەنگە هەر هەموو هەوڵی شیعر گەڕانەوە بێت بۆ زەمەن



و زمانی پاکی مرۆڤی تازە زمان پژاو کە ئەوسا هێشتا هارمۆنیای خۆی لەتەک سروشتدا نەدۆڕاندبوو.

وا بزانم زێدەڕۆییم نەکردووە گەر بڵێم لەسەر ئاستی جیهانیدا شاعیران خۆ بە خۆ یەکتری دەدوێنن، جار و باریش دەترازێت و شەیدایانی شیعر دەدوێنن، من وای دەبینم شاعیر یان نووسەری ڕەسەن بۆ ڕەزامەندی دڵی خۆی دەنووسێت، بە واتا بێباک دەبێت لەوەی هەزارەها دەدوێنێت یان دەیەها، شاعیری ڕەسەن لە شەیتان-بازاریدا کوشکێکی نییە. شاعیرانی فەرنسی بە تیراژی پێنج سەد دانە دیوانەکانیان چاپ دەکەن، لای خۆمان لاوێک بە هەزار دانە چاپ دەکات و هێشتا مۆن و دڕدۆنگە.

گرفتەکە یان خۆشییەکە لەوەدایە کە هەر هەمووومان خەون بەوە دەبینین شاعیر بین، نامەی یەکەمی دڵداریمان بە شیعر دەڕازێنینەوە، شیعری دزراوی شاعیرانی دیکە بۆ فریودانی دڵخوازەکانمان کە وا بزانم ڕەوایە بە بەڵگەی ئەوەی شیعر تاوەکو ئەو ساتە هی تۆیە کە هێشتا لە خەیاڵدانی خۆتە و نەچۆتە سەر کاغەز و نێو زاران. دەنێو هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا دزینی شیعر لە هەمووان ئاسانترە. کەچی هەموو ئەو دڵدارە کاڵفام و دزە جوامێر و بێچارانە کە گەورە و هەراش دەبن بە لاقرتێ و مەزاقەوە دەپرسن، " ئەرێ بە ڕاست شیعر چ سوودێکی بۆ دونیا و ئێمە هەیە؟"

بە ڕای من ئەم پرسیارە ڕێک وەک ئەوە وایە بپرسین، " ئەرێ ئەو خەڵکە بۆچی دەستپەڕ دەکات؟" کە وا جوانترە وەڵامی ئەوە دوو پرسیارە نەدەینەوە، چونکە بۆ من و ئێوەش ئاشکرایە کە هەردووکیان خۆ- ڕەحەت کردنە و تاکە کەسێک دەیکات بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەوانیدیکە ڕەحەت بوون یان نا؟ ئاکام و من وامان کردووە.. ئەی ئێوە چ خەبەر؟ شەرمی ناوێت کە من دڵنیام.. بەس چ کارمان بەوەیە بیزانین.. چما نەخۆشین؟

ئەوەی لە یادم مابێت: ئەو شەوەی من شەیتانی بووم، بۆ ڕۆژی دواتر هەوەس و ترس و شەرم و کەیفە کەرانەم هەبوو کە خوێنمی دەکوڵاند و کەفی دەکرد بە ئەندازەیەک کە شیعرۆکەیەکم نووسی.. شقلی پقلی بوو، بە نێوی " بۆ کچێکی ئاوریشماوی" هەڵبەتە هیچ کچێکیش لە باری واقیعیدا نەبوو، هیچ کچۆلەیەک سەر و سەکوتی منی بە دڵ نەبوو.. وەلی درەنگتر زانیم کە زۆربەی شاعیرەکان بۆ خانمێکی خەیالی و مەحال سەرگەرمی هۆنینەوەی شیعر دەبن.

ئاکام و نەوەکەی، هەڵبەتە بە ئاستی جیاواز، پتر سەرگەرمی گەمەیەکی تازەن کە لە ڕۆژئاواش برەوی هەبووە، گەمە و یارییەکی بێ پەروا دەنێو کایەی زماندا کە دەکرێت بەدەر لە ئاڵۆزی و تەمومژی ساز و ئامادە بە ئاگاهی بێت یان بەر بەرەڵلاکردنی نائاگاهی یان ناخودئاگاهی، نەترسی و سەرکێشی بکەن بۆ تێکشکاندنی زمان و ڕێزنەگرتن لە ڕێزمانێک کە زادەی سیستمێکی ستەمکارانە و دەستەڵاتخوازانەیە نەک بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتن و ڕێزگرتن لە مانا و عەقڵزەدەیی بە دیوە هەرە ڕەنگین و باڵاکەی، بەڵکو زمانێکە بۆ ڕامکردن و کەوی و ماڵی کردنی مرۆڤ و هەم شاعیر، بە واتا گومانکردن لە گرامەر- ڕێزمان گومانکردنە لە مانا و مەغزا باو و کۆنەکان و خودی ئاوەزی پۆخڵ و زیانبەخش، لەتەک تەوەللابوون و تۆران لە وێنە و ئیماژ و نیگارە هەرە سواوەکان.

لە پشت ئەوە گەمە شێتانەیە ژمارەیەکی کەم و زۆر بڕوایان وایە کە گرانی تێگەیشتن لە شیعر بۆ خۆی چێژێکی دەگمەن و تازەیە، یان سەر بخورێنین و بە سەد جار خوێندنەوەش هیچی لێ هەڵنەکرێنین، کەچی شاعیرانی سەر بە تەم و مژ کەیفێ بکەن و بژنەون، " دەی.. لە چ سەردەمێکدا شیعر یان عەقڵ و ئاوەز مرۆڤی لە بەدبەختی قورتار کردووە؟"

یان بە واتایەکی کوشندەتر، " مرۆڤ کەی سەر و سەودای دەگەڵ شیعر و عەقڵ و ئاوەزدا هەبووە؟"

لەوەدایە شیعر نازی ئەوە بکات کە هاوشانە بە مۆسیقایەک کە لادان لە ڕیتمی خۆشرەو و باو و خووگرتن بە نیگار و تابلۆی سوریالی بۆ خۆی داهێنانێکی تاکڕەوانە بێت، کە من وا مەزەندە دەکەم ئەم شەپۆلە تازەیەی شیعر بە نیازی دەرچوونە لە کۆت و بەندەکانی شیعر کە بۆ هەمیشە هاوشانی گریان و لاوانەوە بووە، یان گڕدانی کرێکار و جووتیار دژی سەرمایەدار و دەرەبەگ، یان جەنگاوەران دژی داگیرکەر کە هەرگیز نابەزن، بە ئەندازەیەک کە وەسفیشیان بۆ یار و دڵخوازەکان هەر هەمووی شیر و تیر و کەوان و ژەهری مار و سووتان و خوێناوی جگەر بوون.

من دڵنیام ئەرکی ئەو سێ ڕەخنەگرە گەلێک قورسە و خۆزگەیان پێ ناخوازم، بەڵام ڕەنگە ئەو ڕەخنەگرانەش بۆ خۆیان لە نهێنی گەمە و گەشت و سەرکێشییەکانی شاعیرانی سەردەمی خۆیان لەزەتێک بکەن، ئەوەش سەیر نییە کە بۆ هەمیشە شاعیر و نیگارکێشەکان شاکارەکانی خۆیان شی ناکەنەوە، گوایە شیعر و تابلۆ هی ئەوەن کە هەر خوێنەر و بینەرێک سەربەستە لەوەی خۆی چی دەبینێت و کاردانەوە و چ هەستێک لێیدەخوریت.

لە ڕاستیشدا ژمارەیەک لە شاعیرانی دونیاش بە بێ شیکاری و پەراوێز کردنەوە و شرۆڤەی ڕەخنەسازان وەها ئاسان خۆیان بەدەستەوە نادەن و ناکرێنەوە، هەموو شیعرێکی ڕەسەن دڵێکی خورپەداری هەیە کە پتر لە دڵی "فیل" دەچێت کە زێدە زەحمەتە بیدۆزینەوە ها لە کوێدایە.

دەی.. من بە ئەزموونە سادەکەی خۆم گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی هەندێک شیعریش وەکو باڵی پەپوولە ناسکن، ئاخر باڵی پەپوولە لە ڕۆحی هەڵاڵە خوڵقاوە کە دەستمان لێدا هەڵدەوەرێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو وەختەی دەستمان بەر باڵی پەپوولەکان دەکەوێت،

دەرحاڵ ناتوانن بفڕن و دەمرن.

زۆر بە کورتی کاردانەوەی من بۆ شیعرەکانی "کەوسەری" هەستەگی و سۆزدارانە و خەیاڵبازانە بوو بێ ئەوەی بیر لە تەکنیک وفۆررمێک بکەمەوە، بە تایبەتیش فۆرمی گران و سەنگینی ئاکام و هاوزاکانی، چونکە من گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی کە فۆرمی پیرۆز و جێگیر بۆ شیعر و بگرە چیرۆک و ڕۆمانیش نەماوە، من وای دەبینم هەر شاعیرێک لە سەماکەر دەچێت کە هەرگیز سەیری قاچ و قوولی خۆی ناکات چۆنچۆنی دەبزوێن، گەر وا بکات سەماکەی بۆ ناکرێت. من بە دوای چێژ و ماناوە عەوداڵ بووم و بەس، مانا بەو دیوەی کە لە شیعرەکاندا بەر کام ئەزموون و جیهانێکی پەنهان دەکەوم کە بۆ من ئاسایی بکاتەوە بە نائاسایی و هەم پێچەوانەکەشی ببینم.

بیرمان نەچێت کە سەرەتا شیعریش وەک چیرۆک و داستانەکان هونەرێکی زارەکی بووە، کەواتە گرنگە خۆش و ئاهەنگسازانە بێتە گوێ، شیعری تازە مۆسیقای خۆی لە سەروا و کێش قەرز ناکات، بەڵکو مۆسیقاکە ناوەکی و پەنهانە لە ڕێگەی تۆن و هەم وێنە و نیگارەکانی ناو شیعرەکان بە من دەگەیشتن، یان ئەوەی کە ناونراوە کیمیاگەری نێوان وشەکان و رستەکان و وێنەکان. دیارە لە هەندێک برگە و کۆپلەدا ئەوەندە "زیهنییەت-ئامیز" و ئابستراکت دەبوونەوە کە دەبوو رەنجێکی زۆر بدەم تا نهێنی ئەو بەشە سوریالی و نابەرجەستەیە بدۆزمەوە کە هەندێکجار بە توونی بابا و وێڵگەی دەسپاردم، کە دیارە دەکرێت من لەو گەشتەدا وەپاش کەوتبم، بەڵام کە خودی شیعر نووسین لە بەشێکی زۆریدا گەمە و مەشقی گەیشتن بێت بە ناخود-ئاگاهی یان نەست و عەقڵی شاراوە و پەنهان، وا جوانترە بۆ شیکاری و شرۆڤەی ئەدەبی و عەقلانی نەگەڕێین، لەبەر یەک هۆکاری سادە کە شیعر و خەون بینین زۆر لە یەکدی دەچن، کە دیارە هەر هەموو جۆرە شیکاری و گەڕانێک بۆ مانای بەرجەستەی خەونەکانمان کورتی دێنێت. رەنگە تاکە چێژێک ئەوە بێت بە دوای سیحری زمان و ئاماژە و رەمزەکانیدا بگەڕێین و سەرسام بین کە ئەوەش لەسەر هەمان خوانی داهێنان کۆمان ناکاتەوە، چونکە ئێمە هەژارین لە بواری ناسینەوەی رەمز و سیمبۆلەکان یان هەمان مانا و وێنەمان نییە بۆ رەمزە جیاوازەکان، بەڵام ئەوەیان گرفتێکی گەورە نییە، ئێمە بۆ هەر هەموو کەسەکان و چەمکەکان و شتەکان دیدگای جیاوازمان هەس.

من کە بۆ خۆم شەیدای کامیرا و سینەما و وێنە و نیگاری رەمزئامێزم یان ستایلی درامی و رەنگباران کە دەنێو شیعرەکاندا بۆیان دەگەڕام، رەنگە شیعر دوای سەما و رەسم یەکەمین ژانری دونیای هونەر و ئەدەب بێت، کەواتە رەوایە بۆ ئەو رۆحە بگەڕێین کە لە شیعردا هەیە کە هیچ کام لە ژانرە ئەدەبی و حەوت هونەرە ناسراوەکان بێ شیعر نەبوون و نەژیاون، شیعر رۆحی کیمیاگەری ناو هەر هەموو کانزا بەهادارەکان و زنە و کانییەکانی هونەر و ئەدەبە.

خودی ژیان و زیندەگیش بێ هەوەس و شەهوەتی شیعر بێ رەنگ و تام و بۆن دەبوون، تەمەنی شیعر کە هەزارەها ساڵە، بووەتە عەمباری هەر هەموو خەون و خەم و خۆشی و خولیا و خەیاڵ و ختوورەکان و ژیانی پەنهانی مرۆگەل.

من دڵنیام کە نەموێراوە یان خۆم دزیوەتەوە لەوەی شرۆڤەکاری بۆ دیوانێک بکەم کە گەر ورد نەبم و خۆمی بۆ تەرخان نەکەم، ئەوسا کۆی دیوانەکە و یان هەر یەک لە شیعرەکان وەک ئەو گیاندارەی لێدێت کە بە ناوی ناسینی هەر ئەندامێکی بە چەقۆ و نەشتەر توێکاری تێدا بکەم وکەل و پاچی بکەم کە بە مەرگی گیاندارەکە کۆتایی دێت، دیارە بۆ من شیعر یەکێک لە گیاندارە هەرە جوانەکانی ناو ئەم جەنگەڵستانەی ئێمەیە.

دیارە ئێوە و هەر سێ رەخنەگرە سەلیقەدارەکانیش نیازتان نییە ئەو توێکارییە بکەن، بەڵکو رەخنەکاری بۆ خۆی فانۆس و چرا هەڵکردنێکە بۆ رۆشنایی خستنە سەر ئەو کونجە تاریکانەی کە جوانییەکەی لە ئێمە شاراوەیە. شیکاری هەرگیز رەخنەکردن و دادگایی داهێنەر نییە. بەڵام دڵنیام سەبارەت بە شیعر رۆشنایی خستنە سەر تەکنیک و شێوازی دارشتنی پەیکەری شیعرەکان لە لایەن شرۆڤەکارەکانەوە کە من دەرەقەتی نەهاتم چێژ و تام و کامی لای شەیدایانی شیعر پتر و رەگاژۆتر دەکات.




هەر بە راستی گەمەی ناو کایەی شیعر جۆرێکە لە یاساشکێنی و سەرشێتی و مەلەکردنی ژێرەوانکێ بۆ گەیشتن بە گەوهەری یەک دانە کە دۆزینەوەی زۆر گرانە، بەڵام خودی سەرکێشی و سنووربەزاندن بۆ خۆی گەر بێ ئاکامیش بێت.. مایەی ستایشە. من هەر بە هەمان نیازەوە هەر لە سەرەتاوە

ئاکام کەوسەری —م هان دەدا، بگرە بە درێژایی ژیانم سەدەها کەسم هانداوە بەو مەرامەی کە هیچ نەبێت، ئەوەندەمان بەسە کە نەوەی نوێ ترسی لە نووسین بشکێت، دیارە داهێنان زادەی مەشق و خۆراهێنان و رەنج و شەونخونی و گینگڵدان و شکست و هەستانەوەیە، بە کورتی بەهرە شتێکی خواهانە یان شەیتانی نییە، بوونی شەیتانی شیعر یان بەهرەی خواهانە و خۆرسک لای من ئەفسانە و درۆیەکی گەورەیە، داهێنان بۆ خۆی خۆ هاوێشتنە ناو باوەشی عیشقە کە ئەگەری دۆڕان و نشوستی و نامورادی بێت یان گەیشتن بە مەعشووق.. کارەسات نییە، چونکە شتێک نییە بە ناوی دۆڕانێکی ئەزەلی یان بردنەوەی هەمیشەیی. زۆر جاران شکست پتر گرمان دەدات بۆ هەستانەوە و بە خۆداچوونەوە، کەچی سەرکەوتن گەمژە و بەفیز و بێباکمان دەکات.




ئێمە خەڵکانێکی داگیرکراوین و مێژوویەکی کورتمان هەیە لە تۆمار و نووسین، بۆیە وا جوانترە بۆ هەمیشە سەرگەرمی کاغەز و قەڵەم بین و بگێرینەوە و نەوەستین، چونکە گێڕانەوە و تۆمار واتا مانەوە کە دیارە مانەوەی "شەهرەزاد" لە پای گێڕانەوەدا جوانترین نموونەیە. شاعیری نەتەوەپەرست: حاجی قادری کۆیی لە دێڕە شیعرێکدا بەدبەختی کوردان بۆ نەبوونی تۆمار و نووسین دەگەڕێنێتەوە.

کەواتە بنووسە و مەترسە!

لە کۆی دیوانەکەدا هەوڵێک هەیە کە بە هێزی خەیاڵ ژیانی بەرجەستە و ریالیستیک بگۆڕێت بە جۆرێک کە چاوی دیکەمان پێببەخشێت کە بە دیمەنێکی تازە و جیاواز ئەو ژیانە ببینین، بەو مانایەی کە هەرچی ئێمە بە ئاسایی و باومان زانیوە، سەیر و سەمەرە و نائاسایی بنوێنێت، پتر رووی لە نیگار و تابلۆیەکی خەونئامێز بێت، بۆ هەمیشە بۆ گەیاندنی پەیامێکی مەحاڵ ناچارین بە ملدانە بەر زمان و فۆرمێکی گران و سەختگیر، رەنگە لێکدانی وێنە و ئیماژ و شتگەلێک پێکەوە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە نییە وەک لە دیوانەکەدا بەدیم کرد: رەنجێک بێت بۆ راوکردنی مانایەکی مەحاڵ. من مەزەندەش دەکەم کە خوێنەری راهاتوو بە فۆرم و ناوەرۆکی باو و ئامادە ئەم جۆرە رەنجە بە کارێکی وەڕسهێن بزانێت و بتەکێتەوە.

بە درێژایی ئەم نووسینە بیرم لەوە دەکردەوە کە خودی سانسۆر و چاودێری دەستەڵاتخواز وا دەکات کە شاعیر لەژێر دەیەها دەمامک و رەمزکاری و تێکشکاندنی زماندا خۆی بشارێتەوە، لەسەر ئاستی دونیادا شاعیری رەسەن و دەستەڵاتدار لە دوو بەرەی ناکۆک بوون، یان گومانکردن بووە لە عەقڵ و هۆشیاری کە دادائی و سوریالیستەکانی فەرەنسا و ئاوروپا ناچار بوون بۆ فۆرمێکی تازە بگەڕێن، هاوکات شانۆی پووچگەرایش زادەی گومان بوو لە خودی مرۆڤ و زمان پێکەوە، بیرمان نەچێت لە یۆنان-ەوە تا ئەمڕۆکە شانۆ قەرزاری شیعر بووە. سەرباری ئەوەش من دڵڕەقییەکی بەرچاو دەبینم لە زمان و گوزارشت و کۆی ساختمانی شیعری ئەم نەوەیە کە زادە و بەرهەمی ژینگە و ژیانێکی کوشندەیە، بگرە ترسێکی زۆر کە گەمارۆی رۆحی هەموومانی داوە کە خورپەی دڵ و ریتمی شیعرەکانی بە تاوتر کردووە.. بگرە نارێکتر. زەقترین نموونەش دەنێو ئەدەبیاتی بیانیدا " ئێدگار ئالان پۆ"ی ئەمریکی بووە کە زەحمەتی و ئاڵۆزی و پێچیدەی شیعرەکان و چیرۆکەکانی بۆ ئەو ژیانە مەرگەمووش ئاسایە گەڕاندوەوە کە ناوی نابوو: ژیانێکی کوشندە هەر وەک لەرز و گرانەتای بێ وچان.

هەر هەمان ترس و تۆقین و ژیانی گەماردراو بە جۆرێک دۆزەخی کەوتۆتەوە کە بۆ خانمان زێدە دەگمەن و کوشندەتر بووە کە دەنێو ئەو هەموو جەنگاوەرانەی داهێنان جێگەی خۆیان بکەنەوە، چونکە کۆی سامانی زمان هی "ئادەم" بووە نەک موڵکی" حەوا".. بەو مانایەی کە هێشتا ناوڵێنان لە هەر هەموو رەگەزەکانی خۆمان و ژیان و سروشت لە لایەن نێرەوزەوە قۆرغ کراوە، ئەوەش یەکێکە لە ناهاوسەنگی شاعیرانی نێرگەل کە لە تاو "ئیگۆ"ی خۆیان و رۆحی نارسیستانەی زۆرینە نەپرژاونەتە سەر هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە بۆ گومان لە خۆیان کە بە دادگایی کۆی کولتوورەکە و مێژوو کۆتایی بێت کە نێرینەسالارییە، چونکە مەرجە یادمان نەچێت کە یەکێک لە ئەرکە پیرۆزەکانی شیعر رەخنەگرتن و سەرزەنشتکردنی ژیان و مێژووە.

پیاوانی شیعرنووس بە درێژایی مێژوو ژنیان بە جۆرەها شێوە و تەرز وێنا کردووە کە خانمان هەقە بیزانن: ژنان بابەتگەلێکن لە وێنەی شتومەک و ئۆبژێکت کە مەرجە ئێمە و شاعیرانی نێرگەل بە ناز و فیزەوە ئاوڕیان لێبدەینەوە چونکە سەرنجراکێشن، وەک بابەتی مۆدێل ئاسای جیهانی فاشن یان قوربانی دەستی زەمانە یان یار و دڵخوازی دڵرەق و سزابەخش یان هەوەسبزوێن. هەڵبەتە هەوڵێکی شەرمنانە و دەنگێکی کزۆڵەش هەیە بۆ گۆڕینی ئەم روانینە، بەڵام لە باری نەبووندایە کە هێشتا نێرانە لە بری ژنان گوزارشت لە هەست و نەستیان دەکەن کە دزینێکی جوامێرانەیە یان نابەجێ؟ خۆتان دادوەر بن، خانمان بۆ خۆیشیان قوربانی کورانی "ئادەم"ن کە تا هەنووکەش لای خۆمان زمانیان لە کچانی "حەوا" سەندۆتەوە.

١٣/ ٣/ ٢٠١٨